# تۆماس مان: نووسەرێک لە نێوان ئەدەب و فەلسەفەدا

**کامەران عەزیز**
زانستگەی سۆران

## ژیاننامەیەکی کورت:

تۆماس مان، لە شاری لووبێک (Lübeck) لە ڕۆژی ٦ مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٧٥ لەدایک دەبێت. لەو سەردەمەدا، شاری لووبێک ڕێژەی دانیشتوانی دەگەیشتە ٣٥،٠٠٠ کەس و بە شارێکی نیمچە قەرەباڵغ دادەنرا. لە ماوەی کۆتایی سەتەکانی ناوەڕاست، لووبێک پایتەختی یەکێتیی شارەکانی هانزیاتیک (Hanseatic League) بوو و بە چەقی بازرگانیی ئەو سەردەمەی ئەورووپا دادەنرا ، کە سەنت پیترزبوورگ و شانشینی هۆڵەندای پێکەوە بەستبوو و تۆڕێکی بەرفراوانی بازرگانیی خوڵقاندبوو. بەم شێوەیەش، سەروەت و سامانێکی زۆر لە هاوردەکردن و هەناردەکردنی شتومەک و کاڵای وەک گەنم، تووک، تەختە و عەنبەر ڕووی کردە ئەم شارەی، کە تۆماس مان تێیدا لە دایک بووبوو. هەر لەبەر ئەم سامانەشەوە، دانیشتوانی شارەکە زیاتر گرینگیی و بایەخیان دەدا بە سیمای شارەکەیان و بە پەیکەر و دەروازەی نەخشینی جۆراوجۆر بەرگێکی هونەرییان بە شارەکە پۆشی. ئەمەش بە شێوەیەکی هەستپێکراو لەنێو نۆڤل و ڕۆمانەکانی تۆماس مان جێگیر کراوەتەوە. بەڵام بەخت لەگەڵ شاری لووبێک یار نابێت و بە هۆی هەڵوەشانەوەی یەکێتیی شارەکانی هانزیاتیک و داگیرکردنی لەلایان ناپیلیۆنەوە، باری شارەکە شڵەژاو دەبێت، شارێک، کە لە سەروەت و ساماندا دەدەرەوشایەوە، لەپڕا بوو بە شوێنێکی داڕووخا و پووکاوە. ئەم دووانەییەش، کە لە لایەکەوە بووژانەوە، نەشونوما و لەلایەکی دیکەش پووکانەوە و داڕمان بوو، بە شێوەیەکی بەرچاو لەنێو دنیای هونەری تۆماس مان ڕەنگی داوەتەوە، بە تایبەتیی لە ڕۆمانی بەدێنبرووک (Buddenbrooks)، کە باس لە بنەماڵەیەک دەکات، کە لە سامانێکی زۆرەوە بەرەو پووکانەوەی دارایی و ڕەوشتیی دەڕۆن. بۆ ئەم مەبەستەش، بۆ ئەوەی ئەم دووانەییە زیاتر بۆ خوێنەر ڕوونبکرێتەوە، لە کۆی بەرهەمەکانی نووسەر هەردوو ڕۆمانی «مردن لە ڤینیسیا» و تۆنیو کرووگێر» بۆ ئەم پارچەنووسینە هەڵبژێردراون.

١- خودی بنەماڵەی مان، یەکێك بوون لە هەرە بەناوبانگترین و دەوڵەمەندترینی ئەو بنەماڵانەی شاری لووبێك. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەمە، بڕوانە (Lehnert, Herbert & Wessell, Eva. ٢٠٠٤, pp- ٢٩-٥٤)

٢- ئەم ڕۆمانەش لەدواجار خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات بۆ تۆماس مان مسۆگەر دەکات. بڕوانە (Kontje, Todd. ٢٠١١, pp ١٠-١٣)
لەبەر بەرفراوانبوونی بابەتەکە، ناکرێ، کە ب

## بەرهەمەکانی ناسراوی تۆماس مان:

- فریدمان ئاغای چکۆڵە (Little Herr Friedemann)
- گاڵتەچیی (The Clown)
- بەدێنبرووکس (Buddenbrooks)
- تریستان (Tristan)
- تۆنیو کرووگێر (Tonio Kruger)
- مردن لە ڤینیسیا (Death in Venice)
- چیای جادویی (The Magic Mountain)
- دکتۆر فاوستاس (Doctor Faustus)
- گوناهباری موقەدەس (The Holy Sinner)
- قازی ڕەش (The Black Swan)

## شیکردنەوە و تاوتوێکردنی بەرهەمەکانی تۆماس مان :

زۆرجار کەسایەتیی نێو ڕۆمانەکانی تۆماس مان، لە نێو قەفەسێکی کارەکتەری جۆراوجۆر سنووردراون. لە کەسایەتیی تراژێک و نائاکارییەوە بگرە، تاوەکو کەسایەتییەک، کە بەنێو بۆشاییەکی کۆمەڵایەتییەوە لە خولانەوەدا بێت. هەستی لێکترازان، لە واتا فەلسەفیی و ئەدەبییەکەیەوە و سەرنجی ناچالاکانەی دنیای نووسەر، زۆر بە ئاشکرا لە نووسینەکانیدا دیارە. لە دیارترین ئەو کارەکتەرانەی، کە مان ژیانی پێبەخشیون، هەردوو کەسایەتی ئاشێنباخ، لە کورتە ڕۆمانی مردن لە ڤینیسیا و تۆنیۆ کروگێر، لە ڕۆمانێک بە هەمان ناو، بەرجەستەکاری ئەو کەسایەتیانەیە، کە تۆماس مان لە دنیای ئەدەبیی خۆی ڕووحیان پێدەبەخشێت. ئەوەی، کە دەشێ بگوترێت سەبارەت بە نووسینەکانی مان، ئەوەیە، کە نووسەر بە شێوازێکی تەواو مەبەستدارەوە، کەسایەتییەکانی خۆی پەروەردە دەکات، بۆ ئەوەی دەستڕەهاییەکی ئەدەبیی هەبێ بۆ جووڵانەوە لەنێو دۆخە جۆراوجۆرەکانی دەروونیی و هۆشەکیی. دیدی مان سەبارەت بە تراژێدیا، هەر وەک بناغەی فۆرمێکی ئەدەبیی سەرکەوتوو؛ هاوشێوەی فەلسەفەی فرێدریش نیچەیە، بەو واتایەی، کە لە هەردوو نووسەر، یەکێک لە جەمسەری ئەدەب و ئەویتر لە فەلسەفە، بە وردییەوە لە دیاردەی ململانێ و سازانی (conflict and reconciliation) هەردوو ئاژۆکی هونەری ئاپۆلۆ و دایۆنیز دەکۆڵنەوە. ناسازاویی هونەری ئەم دوو جەمسەرەش لە ڕێی پسوویەکی فەلسەفیی-هونەرییەوە

لەبەر بەرفراوانبوونی بابەتەکە، ناکرێ، کە باس لە سەرتاپای بەرهەم و هزری مان بکرێت؛ بەڵام خوێنەرانی ڕێزدار دەتوانن بۆ وەدەستهێنانی زانیاریی وردتر بروانە (Mundt, Hannelore, ٢٠٠٤, pp. ٢٢-٣٧ & pp. ٨٧-٩٩).

دەتاوێنرێتەوە، کە لە شێوەی هەمان کاتارسیس، یاخود دەروونپاکێژکاریی دەچێت. ئەم دۆخەی هۆشیش، بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە لە نووسیەکانی مان، بە تایبەتیی لە هەردووک کورتە ڕۆمانی ناوبراودا، دیارە. لێرە، لە بەرهەمە نووسراوەکانی مان و نووسینە فەلسەفییە بەرایییەکانی نیچە، دژتێزێکی گێژاو لە نێوان هێوەژە هونەرییەکان دیار دەکەوێت: ململانێی نێوان زاکوون و ئاخۆڕان، سۆفیەتی و پووکانەوە، شیاریی و ژاراوییبوون. لە ژێر ڕۆنایی شیکردنەوەیەکی وا، دەکرێ بڵێین: کە پێوەندیی هونەری-فەلسەفیی نێوان تۆماس مان و فریدریش نیچە زیاتر لە هەمیشە بەرچاوە. لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی نیچە، مان هەوڵی تێگەیشتن و پەیپێبردن لە ڕۆڵی ئێستاتیکای هونەر دەدات و بایەخداربوونیشی لە پێشڤەچوونی کولتووریش بەرجەستە دەکاتەوە. ئینجا، مژاری سەرەکیی هەوڵێک دەبێت بۆ تێڕوانین لە بنچینەیی بوونی هێوەژە هونەرییەکانی ئاپۆلۆ و دایۆنیز بە چێژێکی نیچەییانە، یاخود تەنانەت پاش-نیچەییانە؛ هەر وەک نیچەش دەڵێ «گەشەکردنی بەردەوامی هونەر دەگەڕێتەوە بۆ دووانەیی ئاپۆلۆ و دایۆنیز» (لا. ٣٣، ١٩٩٢ «١٨٧٢»). جیا لەوەی، کە تێکهەڵکێشبوونی ئەدەب و فەلسەفە ، بە تایبەتیی لەلای ئەو چەشنە ڕۆماننووسانە، کە ئاگامەندییەکی تەواوی فەلسەفیانەیان هەبووە ، دەرفەتێک دەرەخسێنێت بۆ سەنتێز و یەکگرتنەوە، تەنانەت دەرفەتێکیشە بۆ لێپرسینەوە و پشکنینی تیۆرە فەلسەفیەکان. هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێیداوە ئەوەی، کە بە ئاشکرا لە کورتە ڕۆمانەکانی مان دیاردەکەوێ ئەوەیە، کە تێمێکی نیچەیی بەستراو بە دووانەی هونەری ئاپۆلۆ و دایۆنیز پەیڕەو دەکرێت. بەم هۆیە، دەکرێ بڵێین، کە ئەمە گریمانەیەکی گونجاوە، ئەگەر بێتو بڵێین، کە تۆماس مان لە ڕێی ڕێڕەوی ئەدەبی مۆدێرنیزمەوە لە هەوڵی ئەوەدایە، کە کاریگەریی فەلسەفەی نیچە بەسەر ئەدەب و بەرهەمە ئەدەبیەکان شیبکاتەوە. لە نێو بەرهەمەکانی مان، دەتوانین ببینین، کە چۆن و بە چ شێوازێک لێکدانەوەی نیچە سەبارەت بە هەردوو هێوەژە هونەرییەکانی ئاماژەپێدار و بە پاڵێوێکی تەحقیقیی و تەفسیریی تێپەر دەبێت. سەرەڕای ئەمە، دەبێ ئەوەش بزانرێت، کە بەهۆی بەکارهێنان و تەفسیرکردنی وێناکردنەوەی فەلسەفەی نیچە لەو دوو خوداوەندە هونەرییەکان، مان دەستکاریی پێناسەی فەلسەفیی ئاپۆلۆ و دایۆنیز دەکات. هەر بەم شێوەش دەکرێ بڵێین، کە لە بەرهەمەکانی مان، هەردووک هێوەژی ئاپۆلۆیی و دایۆنیزیی بە گۆڕدرانێکی فەلسەفیی تێپەر دەبنەوە. وادەردەکەوێ، کە بەهۆی سیمبۆلیزەکردنی هێوەژەکان، ئێمە لە هەمان کات تێبینەری شێوەگۆرکێی بیرێکی نامادین، دۆخە دەروونیی و هۆشەکییەکان هیچ بوونێکی کەرەستەیی و هەستەکییان پێوە

٤- هەوڵێک، کە لە زۆرربەی نووسەرە مۆدرنیستەکان بەدی دەکرێت.

٥- وەک ئالبێر کامۆ، تۆماس مان، سارتەر، زۆری دیکەش.

دیار نییە، بۆ شتێکی ماددیی و هەستەکیی . بە واتایەکی تر، هەرکە ئەم دوو هێوەژە سیمبۆلیزە بکرێن، بە گۆڕینێک تێپەر دەبنەوە. دوابەدوای ئەم پێشەکییەش، ئامانجی سەرەکیی ئەم پارچە نووسینەم، جیا لەوەی هەوڵێک بێت بۆ زیاتر ناساندنی بەرهەم و هزری تۆماس مان، وەک ئەدیب و فەیلەسووف، ئەرکێکە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی وردی فەلسەفیی لە نووسینەکانی نووسەریش. بۆ ئەم مەبەستەش، سەرەتا دەبێ پوختەیەک لەو بابەتانەی، کە لە بەشەکانی دواتر لێی قووڵتر دەبینەوە، بیخەمە بەردەمتان. ئامانجی بنەڕەتییی پەیداکردن و دەستنیشانکردنی شوێنپێی فەلسەفەی نیچەیە لە نێو بەرهەمەکانی تۆماس مان بە گشتیی و هەردووک ڕۆمانەکانی مردن لە ڤینیسیا و تۆنیۆ کرووگێر بە تایبەتیی. هەڵبەتە ئەم ئامانجە لەوانەیە ئامانجێکی پشتگوێخراو و نادیار نەبێ، کاتێ کە خودی تۆماس مان زۆر بە ڕوونیی و ئاشکرایی دەڵێت «هەرچی من قەرزداری نەریتی هزری ئەڵمانیا بم و هەتا چ ڕادەیەکیش لەنێو ئەم نەریتەوە ڕەگوڕیشەم هەبێ، زۆر بە تەواویی ئاشکرایە» (لا.٦٤٢، ١٩٧١). لەمە زیاتر، تیشکۆی ئەم شیکارییە بەسەر چوار بەشەوە دابەش دەبێت. ئامانجی هەر بەشێکیش دیارکردنی لێکۆڵینەوەیەکی وردە بۆ ئامانجی سەرەکیی وتار. لە بەشی یەکەم، لایەنی دەروونیی هەردووک هێوەژە هونەریەکان باس دەکرێت، ئەمیش لەبەرەوەی، کە لە دەقی نووسینەکانی مان، ئەم دوو هێوەژە زیاتر لەگەڵ کەسایەتییەکانی ڕۆمان یەکدەگرنەوە و چەسپاون. دوای ئەم بەشە، لە بەشی دووەم لێوردبوونەوەیەک لە کەسایەتیی ئاشێنباخ لە ڕۆمانی مردن لە ڤینیسیا پێشکەش دەکرێت. پرسیاری ئەوە دەکەین، کە ئاخۆ ئاشێنباخ هەڵگری کەسایەتییەکی دایۆنیزییە؟ لەم بەشە، ڕۆڵی ئیرۆتیکا و مردن، وەک سیمبۆلیزەکردنی دایۆنیز، بە وردیی توێتوێ دەکرێتەوە. لەبەشی سێیەم، وەک سووڕانەوەیەکی فەلسەفیی (philosophical volte-face)، جەمسەر دەگۆڕین و تیشکۆی بابەتەکەمان دەخەینە سەر لایەنی ئەپۆلۆیی کەسایەتیی تۆنیۆ کرووگێر، لە ڕۆمانێک، کە بە هەمان ناو نووسراوە. ئەمەش وامان لێدەکات، کە بپرسین ئایا مەرجە لێکنزیکبوونەوەیەکی فەلسەفیی (rapprochement) لە نێوان هەردووک هێوەژەکە دروست ببێت؟ ئایا تەنانەت ئەم لێکنزیکبوونەوەیە پێویستە؟ لە کۆتاییش، وەک دوا وتە، تێگەی تراژێک و شێوازی تراژێدیا، وەک بنچینەیەکی هاوبەشی فەلسەفیی نێوان نیچە و مان، بە هەموو واتایەکی وشە هەڵدەسەنگێندرێت.

٦- ئەو شتانەی، کە بەهەر پێنج هەستی سەرەکیی هەستپێبکرێن.
٧- لەبەر بەرفراوانبوونی بابەت، لەم وتارە، تەنیا باس لە دوو لەو ڕۆمانانەی مان دەکەم، ئەوانیش مردن لە ڤینیسیا و تۆنیۆ کرووگێرن.

**ڕووی دەروونناسانەی دایۆنیز و ئاپۆلۆ لە نووسینەکانی مان و نیچە.**

لە نووسینە بەراییەکانی، نیچە ئاماژە بە لایەنێکی پشتگوێخراوی فەلسەفەکەی دەدات و دەڵێت، «دەبێت بە سیمبۆلیزەکردنی حیکمەتی دایۆنیزیی و بەنێو فێڵ و فێڵبازیی ئەپۆلۆیی لە ئەفسانەی تراژێک تێبگەین» (ب. ٢٢، لا. ١٣١، ١٩٩٢). ئەوەندەی دایۆنیز ڕەهەندێکی ناوێناکار بێت، ئەم دەربڕینەی نیچە وامانلێدەکات، وادابنێین، کە بۆ ئەوەی فۆرمێکی تراژێکی هونەریی، بەو شێوەیەی، کە نیچە ئاماژەی پێدەدات، ژیانی پێبەخشێنرێت، دووانەیەک، یاخود تینێکی دژتێزی پێویستە. دەشێ گۆڤانمان بە شێوەیەکی تر دابڕێژینەوە و بڵێین، کە تایبەتمەندییەکی هاوشێوەش لە نووسین و بەرهەمەکانی تۆماس مان بەدی دەکرێت. لە ئەگەری بیرکردنەوەمان سەبارەت بەم هێوەژانە، وەک ئاژۆکی دەروونیی ڕووت، زادەی هزری مان، لە هەردوو کەسایەتییەکانی ئاشێنباخ و کرووگێر، بەرجەستەکاری هەمان هزری نیچەییانەیە بۆ وەدەرخستنی دووانەی دایۆنیز و ئاپۆلۆ. جا بۆ ئەوەی باسەکەمان ڕوونتر بێت، با زۆر بە کورتیی لەم دوو هێوەژە قووڵ ببینەوە. ئاپۆلۆ جاڕدەری ئەقڵانییەتی پەتیی، ڕێکوپێکیی، جۆرێک لە خۆویستیی، یاخۆد ئەوەی شۆپێنهاوێر بە «بنەمای خۆیی‌بوون/تاکایەتیی» (Principium individuationis) ناوی دەبات، یانیش ئەوەی، ڕێمان پێدەدات، کە هەستی خۆبوونمان هەبێ؛ ئەم سیفەتانە لە کەسایەتی تۆنیۆ کرووگێر زۆر بەرجەستەن. لە دەرخستنی کەسایەتیی کرووگێر، تۆماس مان هەوڵی وەسفکردنی کارەکتەرەک دەدات، کە بە نێو دوو لێواری زەقی دژیەکەوە بجووڵێتەوە؛ ئەو لە یەک کاتدا کەسایەتییەکی دایۆنیزیی و هەڵگری خودێکی دایۆنیزییە، کە بە هێڵنج و ڕق پەلاماردراوە و «کەوتووەتە نێو سەرکێشییەکی هەوەسبزوێنی ئیرۆتیکیی، بە نێو قووڵاییی گوناهمەندانەی لەش و شەهوانییەت» (لا. ١٥٤، ١٩٩٨). لە دوای ئەوە، کەسایەتیی کرووگێر، پاش تێپەربوون بە قۆناغە جیاجیاکانی ڕۆمانەکەی مان، بۆ خۆنەریت و خودێکی ئەپۆلۆیی ئاوەژوو دەبێتەوە؛ خوونەریتێک، کە بەستراوە بە «ڕووناکبیرییەکی سارد» و «ڕق و کینەی بۆ هەستەکان... تامەزرۆبوونێک بۆ پاکیی و پوختەیی، لێوەشاویی و ئارامییەکی هۆشیی و هزریی» (لا. ١٥٤، ١٩٩٨). دووپاتکردنەوەی راڕاییکردن و لەرینەوەیەکی وا توندوتۆڵ، لە خودێکی دایۆنیزیی بۆ ئاپۆلۆیی و بە پێچەوانەش، کۆی هەمووی خودی تراژێک بۆمان دەردەخات. بە واتایەکی تر، خودی تراژێک ئاوێتە و شێوەی هەردووک هێوەژەکانن، کە لە دوو جەمسەری دژبەیەکەوە، بە بەردەوامیی لە یەکتر جیاواز و ناکۆکن. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنیا لەم ناکۆکییەشە، کە شێوە و فۆرمێکی هونەریی بەردەستمان دەکەوێ، کە ئەویش هەمان شێوەی تراژێدیای یۆنانییە. ئەگەر بێتو بەرهەمەکانی مان بە بەرهەمی «باکای»ی یۆریپیدیس بەراورد بکەین، دەتوانین تێبینیی قاڵبێکی هاوشێوە لە هێوەژە دەروونیەکان لە بەرهەمێکی یۆریپیدیس بکەین. لەناو «باکای»، یەکەمین تەندارکردنی (personification) دایۆنیز بەرهەمهێنراوە، خوازادەیەک، کە بە هۆی کەمیی پەرستن و ڕکابەرایەتییی

کەسایەتییەکی تر، بە ناوی «پێنتۆس» هەڵچووە و پیلان دەگێڕێت بۆ تۆڵەسەندنەوە، کە دواجار دەبێتە هۆی تێکشکان و خاپووربوونی پێنتۆس. لەگەڵ ئەوەشدا، لە بەرهەمی «لەدایکبوونی تراژێدیا»، نیچەیە، کە دایۆنیز دەبێتە تینێکی هونەریی و ئاوێتەبوو بە زێدەمانایەکی دەروونناسانە. نیچە دەنووسێت، «دەکرێ بە جەسوورییەکی هاوتا بگوترێت، کە هەتاکو یۆریپیدیس، دایۆنیز هەرگیز لە بوون بە پاڵەوانێکی تراژێک نەبڕاوە؛ بەو شێوەیەی، کە هەموو کەسایەتییە ناودارەکانی شانۆی یۆنان... تەنیا و تەنیا ڕووپۆشێکن بۆ ئەم پاڵەوانە ڕەسەنە، دایۆنیسۆس» (ب. ١٠، لا. ٧٣ ، ١٩٩٢). دەتوانین ئەم دەربڕینە، وەک لێکدانەوەیەک بۆ ئەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکانی مان بەکار بهێنین، کە بەهۆی هەڵگۆرانی دەروونیانەوە، وەک پاشکۆ و درێژەپێدەری پاڵەوانیەتیی دایۆنیزیین.

**دوا وتە:**

لێرەوە دەشێت وادابنرێت، کە لە پشت کارەکتەرە سەرەکییەکانی مان، دەرفەتێکمان هەیە بۆ ڕاڤەکارییەکی «زێدە-مرۆیی» بۆ هەستەکان. لەپاڵ هەر سیمبۆلیزەکردنێکی مان، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هۆکارێکی بنەڕەتیی هەیە بۆ ئایدیاڵیزەکردنی ئاژۆکی هەستەکان. تێمی دایۆنیزیی بۆ دووپاتبوونەوە و پەرەسەندنی، پێبەندە بەو پێویستییە سەیرە بە دژە هاوتاکەی، کە ئاپۆلۆ بێت. لێرە هاڤرکێ و دژایەتییەک هەیە، نەک تەنیا لە نێو مێتۆلۆژیای چەندخودایەتیی یۆنانی کۆن، بەڵکو لە کرۆکی سازەی دەروونی هونەرییشەوە. بە لەدەستدانی هاوسەنگیی نێوان هێوەژی ئاپۆلۆیی و دایۆنیزیی، کە بۆ وەبەرهێنانی بەرهەمێکی هونەریی پێویستە؛ و بە جێگۆڕکردنی شێوازی تراژێدیای یۆنانیی بە کۆمێدیای ئەتیکای نوێ ، گۆڕدرانێکی مەزن لە ئەدەبی مۆدێرنیزم ڕوویداوە.

٨- شانۆنووس و بیرمەندی یۆنانی کۆن، یۆریپیدیس ناوبانگی یەکێک لە مەزنترین شانۆنووسانی فێرگەی تراژێدیا، یاخود شانۆنامەی خەماویی و پڕ سەودا هەڵدەگرێت. بەرهەمە بەناوبانگەکەی، کە «باکای»یە، ئاماژەیەکە بۆ خزمەتکارە مێینەکانی دایۆنیز و بە شێوەیەکی گشتیی دەربڕینێکی شانۆییانەیە بۆ دوو ڕووی سروشتی مروڤ.
٩- لە نووسینەکەی یۆریپیدیس، پێنتۆس وەک «پاڵەوانی لێوەشاوەیی و خۆڕاگریی» دەخەملێندرێت.
١٠-دەربڕینێک، کە لە دەستەواژەی «all-too-human» نیچە وەرگیراوە.
١١- لە تیۆری دەروونشیکاریی، کاتێ کەسێک توانای یەکخستنەوەی هەستە سەختەکانی نەبێت، هەندێک میکانیزمی بەرگریی دیاریکراو دەخرێنە کارەوە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو بارۆدۆخانەی، کە تاکەکەس بە بارۆدۆخی سەخت لەقەڵەمی دەدات. ئەم میکانیزمە پێی دەگوترێت میکانیزمی «بەشکردن». بەشکردن پرۆسەیەکە، کە تێیدا تاکەکەس ڕووداو و کەسانی تر، بە گشتیی، یان بە خراپە دەبینێت، یانیش بە چاکە. کاتێ، کە خەڵک بە چاک ببینرێت، ئەوا ئەم میکانیزمی بەرگرییە پێی دەگوترێت ئادیاڵیزەکردن: پرۆسەیەکی هۆشەکیی، کە تێیدا تایبەتمەندیی و بەهای زیاتر لەوەی، کە پێویست بێت، دەخرێتە پاڵ خود، یان کەسێکی تر.
١٢- وەک یەکێک لە سێ کۆڵەکەی شانۆی یۆنانی کلاسیک، کۆمێدیای ئەسینایی دابەشی سەر سێ قۆناغ دەکرێت: قۆناغی کۆمێدیای کۆن، قۆناغی کۆمێدیای ناوەند و دواتریش قۆناغی کۆمێدیای نوێ. کۆمێدیای کۆن لە نووسینەکان و شانۆی ئەریستۆڤان بەجێماون، بەڵام بەرهەمەکانی کۆمێدیای ناوەند، زۆربەی هەرە زۆری لەناوچوون. ئەوەی سەر بە قۆناغی کۆمێدیای نوێ بێت، لە بەرهەمەکانی مێناندێر بەجێماون.

*References:*

*1.Corngoldş Stanley. Autumnş 1980. «Mann as a Reader of Nietzsche.» Duke University Pressş boundary 2 ş Vol. 9ş No. 1ş A Supplement on Irony pp. 74-47.*
*2.Euripides. 1999. Bacchae: with the Translation of Paul Woodruff. indianapolis: Hackett Publishing Companyş Ltd.*
*3.Hellerş Erich. 1958. The Ironic German. London: Cambrdige University Press.*
*4.Kontjeş Todd. 2011. The Cambridge Intoduction to Thomas Mann. London: Cambridge University Press.*
*5.Lehnertş Herbertş and Eva Wessell. 2004. A Companion to the Works of Thomas Mann. New York: Camden House.*
*6.Mannş Thomas. 1912ê 1998ê. Death inVenice. London: Vintage Books.*
*7. —. 1903ê 1998ê. Tonio Kroger. London: Vintage Books.*
*8. Mundtş Hannelore. 2004. Understanding Thomas Mann. South Carolinaş USA: The South Carolina University Press.*
*9.Nichollsş R. A. 1976. Nietzsche in the Early Work of Thomas Mann. California: University of California Press.*
*10. Nietzscheş Friedrich Wilhelm. 1886ê 1992ê. Beyond Good and Evil. New York: The Modern Library.*
*11. —. 1878ê 1996ê. Humanş All-Too-Human: A Book for Free Spirits. Cambridge: Cambridge University Press.*
*12.Nietzscheş Friedrich Wilhem. 1872ê 1992ê. Birth of Tragedy out of the Spirit of Music. New York: The Modern Library.*
*13. —. 1908ê 1992ê. Ecce Homo: How One Becomes What One Is. New York: The Modern Library.*
*14.Picartş Caroline Joan. 1999. Thomas Mann and Friedrich Nietzsche: Eroticismş Deathş Musicş and Laughter. Amesterdam: Rodopi B.V.*
*15.Robertsonş Ritche. 2004. The Cambrdige Companion to Thomas Mann. London: Cambrdige University Press.*